


# ئیسماعیل خورماڵی لەوەڵام بە پرسیارەکانی دەنگەکان

ئامادەکردنی : ڕزگار عومەر

ڕزگار: – کاک ئیسماعیل خوڕماڵی ، ناویک نیە ناموٚ بیٚ بە خوٚێنەران و یارانی شیعر ، واتە دەنگێکی تایبەتمەندو سەربەخوٚی مەیدانی شیعرە ، بەڵام من حەز دەکەم نەک وەکو ئەوەی لە لای من و خوێنەران ناسراوی ، بەلٚکو لە زمانی خوٚتەوە ، خوٚتمان پیٚ ئاشنا بکە ؟

ئیسماعیل خورماڵی : پێم خۆشە دوور لەدوبارە بوونەوەی هەموو وەڵامە یەک ڕەنگیەکان بچمە ئەو دیو تەلبەنی وەڵامە ڕاکشاو و سەوزەکان و لەبەردەم پەنجەرەی منالٚی دا ئێستیٚ بکەم و جارێکی تر بەمنالٚی و بەئێوە و بەشکۆفە و هەموو نمە شیرینەکانی باران و بەخوێنەری ی ( دەنگەکان ) یش بلٚێم :
من ناوم ئیسماعیلە و وەک هەر تاکێکی ئەو کۆمەلگایە , لەکوچەی پایزە سروشتێکی ( گولٚ عومەر ) دا وەک چنگیٚ لۆکەی ڕەشکەلانە لەقۆزاخەی خێزانێکی مام ناوەندی وە گولٚ هاتووم و پاشانیش وەک هەموو ئەو شکۆفە هەلاژاوانەی ناو دەنگەکانی نالی و گۆران و بێسارانی وەبارانی هەورامان و بابان و شارەزوور هاتوومەتە گۆ .
خۆگەر هەنوکەش جریوەیەکم لەشیعردا هەبیٚ .یان نمەیەکم لەسەوزایی و لەگەنجایەتی پیٚ بیٚ ئەوا هەر دەچمەوە سەر وەچەی چۆلەکەکانی زەلٚم و هەر دەچمەوە سەر وەچەی باخە هەنارەکانی خورمالٚ .!!
هەمیشە لەکن من دنیای منالٚی , یان گەڕاننەوە بۆ منالٚی ,عەیش ونۆشی
ئەو ڕەنگانەن کە تەنها لەچاوی پەروانە دا وە ڕوانین دێن !

رزگار :– شیعر چوٚن لە دەرگای توٚی دا ، دوٚستایەتیت لە گەلٚ شیعر لە کویٚوە دەست پیٚ کرد ، ئەم دەست پیٚ کردنە چی بوو کە وای کرد توٚ و شیعر میوانی یەکتر بن ؟

ئیسماعیل خورماڵی : من پێم خۆش نییە لەوەڵامی هیچ پرسیارێکدا , وەکو گەنم لەسای کزە ئێوارەیەکی حەرفا , بکەومە کەرویٚشکەی غرور و
لەپانتایی و بەرچاوی خۆم زێدە تر , زێدە تر بلێم :
یان وەک ماسیەکی ڕەنگالٚە , سێبەری مەکری ئاو , بالکۆنی هەموو بنچکە قەوزەکان , مۆزەخانەی هەموو مەوجەکان ,
بەتاپۆی خۆم و زێدەتر , زێدەتر بزانم , یان وەک پەروانەیەکی سەرەڕۆ , لەودیو حەوشەی نزای گولٚەکانەوە ,خەرمەن و بەهار , بەهار و خەرمەن

هەموو دۆنمە سەوزەکانی خوا , بەماڵە تاقانەکانی خۆم بزانم !

کاتێ من لەتەک شیعرا , بووم بەدۆست و نامەمان بۆ یەک دەنارد

درەختەکان لەجەنگەڵا سەنگەریان لەیەک دەگرت و چەمەکان لەپشتەوە چەمۆڵەیان لەیەک دەنا و ئاگرەکان لەسەفەری جەهەنەمێکی دوورا دوور دەڕۆیشتن !

کاتێ من لەسێبەری دارسێوەکانی شیعردا , لەودیو ماڵی جۆگە عەیارەکانەوە , جریوەم بەسەر ئەو چۆلەکانەدا دەبەخشیەوە , لەتەک پەرەسێلکەی گوێسەبانەکان , بەیەکەوە لەسەنگەری یەک ماردا بوون !

بەڵێ کاتێ من بەمشتەکۆڵەی ئەم سەرە بچکۆڵەوە , بەقاپی شیعرمدا دەماڵی و دەکوتی , منالْ بووم و هێشتا قاچم لەبەن و دەسرازەی ڕەنگ نەبوو بووە !

منالْ بووم و هێشتا زمانم نەگەشت بوو بەجیاوازی ماڵەکانی ژەهر و شەکر !

هاوکات درۆیە گەر بێژم , هەر ئەو دەمانە

من ئاوقای قەتاری سوارە سپیکەلەکانی شیعر بوو بووم وەکو پێویست نەخێر ئەو دەمانە من لەلاڕێ ی کتێبخانەیەکی چکۆڵەدا بووم و ڕیحانەم بەسەر بەیتی دیوانەکاندا هەڵدەدا

قۆناغی منالێم , هەڵبەتە منالێ شیعرم , نەک منالێ خۆم ئاواهابوو

بەڵام پاشان کە لە هەزارەی گەنجێتی سەوزدا , وەک هەسارە کشامە

بابان و ئاسمانی گوڵ عومەرم چۆڵ کرد

لەبابانا من فێرە چەپڵەی شیعر بووم و , هەر لەبابانا شیعرم چۆڕایە

ماڵی گۆرانیەکان

جێ ی خۆیەتی لەقوفڵی ئەم پرسیارەدا

بەوەفاوە و بە نێرگزی دەشتێ موحیبەتەوە

بچمەوە بەر هەیوانی هەموو ئەوانەی بۆ شیعر و زمان

مورووی حەرف و مورووی ڕێنومایان پێ بەخشیوم

بۆئێوە بۆ خوێنەریش کەرەم کەن بەرامەی یەکەم گوڵە شیعری ئیسماعیل

کە ئەو دەم بە دەنگی هونەرمەند کالێ , کەوتە کتێبخانەی گۆرانی کوردییەوە :-

دووچاوی بەهار سیمای گوڵ گەشتە

وەرزی خەزانیش پیرێ کەنەفتە

بڕوانە کۆسار مێرگ و دەشتایی

قەڵبەزەی ڕووبار فەرشی سەوزایی

کەرویشکەی نێرگز سەمای گوڵاڵە

زایەڵەی مێگەل سەدای شمشاڵە

وەنەوشەی گوێ چەم تا تای شەنگەبی

ئەوینی نازە دنیای غەریبی

ڕزگار :- ڕووداوە سیاسیەکان بێ ئەوەی نەخشەمان بۆ کێشابێ هەمیشە بەرۆکی ژیان و چارەنووس دەگرێ ، وەکو شاعیرێک ئەم مەسەلەیە بە خۆشی و ناخۆشیەکانیەوە چۆن بەرۆکی تۆی گرتووە ، بۆ نموونە پێش ڕاپەرین ، دوای ڕاپەرین ، شەڕی ناوخۆی کوردستان ، ڕووخانی ڕژێمی بەعس ، شەڕو میلیتاریزم ، هەموو ئەمانە لە گەڵمان هاتوونەو دێن ، سێبەری ئەمانە چۆن گەیشتۆتە شیعرەکانی تۆ ؟

ئیسماعیل خورماڵی : بمانەوێ و نەمانەوێ , ئاوڕدانەوە لەژیان ,

ئاوڕدانەوەیە لەدابەشبوونی ماڵی هەسارەکان
ئاوڕدانەوەیە لەجەنگەکانی شەهد و ژەهر
ئاوڕدانەوەیە لەنیگای هەموو ئاوێنەکانی مێژوو
ئاوڕدانەوەیە لەنیگەرانی کێوەکان و هەڵپەڕینی دەشتەکان
ئاوڕدانەوەیە لەقاقای دەسەڵات و لەکۆستی نیشتمان
گەمەیەکە لەنێوان خەڵەتان و فەرامۆش کردندا
ئێمەش لەناو ئەم دابەش بوون و دابڕان و خەڵەتان و نیگەرانی وفەرامۆشیەدا , بێ شک ڕەنگمان بەڕەنگی ڕووداوەکان دەچێ و بەڵام گرنگ
بۆ دنیای قەڵەم تەنها گێڕانەوەی ڕووداوەکان نی یە
بەهونەر کردنی سیناریوی جەنگەکان نی یە
بەڵکە دەبێ زمانمان بەزمانی حەقیقەتەکان بچێ و
هەمیشە هەسارەمان بەلای حەسرەتی گەلدا بکشێ و
هەمیشە ئاهوی بەیت و حەرفمان , گەمەکانی خۆیان لەناو ڕەوەزەکانی گەل دا ببینێنەوە
من وەک خودی خۆم , لەهەموو جەنگێکی چارەنووس سازی نەتەوەکەمدا کەم تا زۆر لەژێر قولێنەی قەڵەمدا , دانم بەکۆتری ڕووداوەکان داوە !
چ جای پێش ڕاپەڕین و چ جای پاش ڕاپەڕینیش
خۆ لەناو شەڕی ناوخۆشدا , کە بەجەهەنەمێ دەچوو زۆرمانی سوتان
من وەک ئیسماعیل قۆچەقانی زۆر شیعرم نا بە پەنجەرەی ماڵی دەسەڵات و
ڕەنگەکانەوە نموونەی هەرە دیاریان
قەسیدەی ( شتاقتان نیم )
قەسیدەی ( مانشێتی ڕۆژنامە ئاویەکان ) و دەیان بابەتی تر
لەقۆناغی ڕوخاندنی گەورە دیکتاتۆری بەغداشدا و هاوکات
لەتەک مەوجی ڕیفراندۆم و دەنگ بەسەربەخۆی و دەنگ بەجیای جوگرافیاماندا , ناڵە لەزۆر قەسیدە و ئاگر لەزۆر دێڕمەوە بەرز بوو وە
نموونەی هەرە دیاریان
سروودی (کوردستان ) بە دەنگی هونەرمەند زەکەریا و
سروودی (ئەوا دیسان )بەدەنگی هونەرمەند نەجمەی غولامی و
وێرای ئەو سروودانەش قەسیدەی ( ئاوی نەی ) و( مەلەی تەورەکان )
دواجار پێم وانیە تاکێکی ئاسایی ناو کۆمەڵیش
ڕێ ی لەخومخانەی کۆستەکان نەکەوتبێ
نەخوازەڵا , قەڵەم و قەڵای شیعر
کەڕاستەوخۆ سێبەری هەموو ڕوداوەکانن !

**ڕزگار** :- من پێم وایە شاعیر ، تەنیا نووسەرێکی بە ئەمەکی شیعر نیە ، بەڵکو خوێنەرێکی جدی و تینووی خوێندنەوەی شیعرە ، تۆ وەکو خوێنەرێک کام شیعر دڵت ئەدوێنیٚ ، بەرهەمی کامە شاعیر بە دواتەوەیە ؟

**ئیسماعیل خورماڵی** : شیرین ترین دەمی باران و بەور ئەودەمانەیە

باران لەباوەشی نێرگز و شەوا حەشاردراوی ماڵە گەرمەکانی خاوبوونەوەیە و بەور بە سەر چڵ و بە سەر گڵۆپی دار تێلی شەقامەکاندا پرووشە دەکا
دەمی شیرین ترین شیعریش لای من , تەنها ڕوانینە لەبەر هەیوانی
ئەو شیعرانەی پڕن لەزمانی راست گۆیی و پڕن لەوەفا و پڕن لەزمان و پڕن لەخەرمەنی وێنەی شیعری
دواجار گەر سەرێ لەهەرێمە سەوزەکانی دنیای کلاسیک بەین
ئەوا سێبەری نالی و مەحوی و مستەفا بەگی کوردی و دەیان و دەیان دەدۆزنەوە و پاشانیش گۆران و شێخ نوری و دیلان و کامەران و
دەیان دەیان قەڵەمی تر دەدۆزنەوە
گەر هەنوکەش پێکەوە بچۆرێینە ناو دەڤەرەکانی ئێستاوە
ئەوا بێ شک کاری گەلێ بازە قەڵەم ئاسمانی منیان پڕ کردووە لەفڕین ,
وەک مامۆستا شێرکۆ بێ کەس و بەختیار عەلی و جەمال غەمبار و دلاوەر قەرەداغی و محەمەد عومەر و کەژاڵ ئەحمەد و مهاباد قەرەداغی و باران و دەیان قەڵەمی تر

ڕزگار :- من وای بۆ دەچم شاعیرهەمیشە جۆرێک لە دوو دڵی خوڕسک و ئومێدو خۆشبینیەکی بێ گەردی لە گەڵ خۆی بار کردووە ، تۆ وەکو شاعیرێک ئومێدو دوو دڵیەکانت سەبارەت بە ئایندەی کوردستان لە چیدا کۆ دەبێتەوە ؟

ئیسماعیل خورماڵی : بێ گومان هەموو تاکێکی کۆمەڵ بەقەدەر خۆی
ئومێد و نائومێدی هەیە , هەموو فڕینێک بەقەدەر خۆی بەر بوونەوە و بەردەوامی هەیە , هەموو ئاوێک بەقەدەر خۆی دوڕ و خنکانی هەیە
دنیای شیعریش هەر وەک ئاو و فڕین و هەموو تاکەکانی کۆمەڵ
بێ گومان بەسێبەری گەلێ ئومێد و نائومێدیدا تێ پەڕیوە
بەڵام ڕەنگە ڕەنگەکانی ئومێد و نائومێدی , ڕەنگەکانی هەڵکشان و داخزان
ڕەنگەکانی وون بوون و خۆ دۆزینەوە , لەکن دونیای شاعیر جودا تر بێ
جودا تر بەرێژەیەک کە بەقازانجی جوانیەکانی ئومێد بشکێتەوە
بەڵام وەک دوا داوی پرسیارەکەتان ,
کە دوو دڵی قەڵەمە لەبەردەم ئایندەی کوردستاندا
بێ شک هەموو تاکێکی کورد , شایی لۆغانی ئەمرۆی پێ شیرینە و
ئازادیەکان بەئازادییەکی یەکجارەکی دەزانێ
بەڵام ڕەنگە ئەم ڕوانینە بەچاوی قەڵەم جودا تر بێ
من هەنوکە نیگەرانیم ئاگرێکە
بەپاڵ قەڵای پێکەوە گرێ دانەوەی کوردستان بەعیراقەوە و
خوا نەکردە سرینەوەی ئەو جوگرافیا شیرینەی کوردستانە
وەک لەزۆر لەقەسیدەکانما ئەو خەمەش , ڕەنگ و دەنگی هەیە !
نموونەی هەرە دییارین قەسیدەی( ئامان هزرێ ) کە
کە لە زۆرینەی سایت و ڕۆژنامەکاندا بڵاوبۆتەوە

رزگار :- ئێمه دەزانین شیعرت زۆر کراوه به گۆرانی ، بەڵام چ شیعرێکی خۆت لەزەتێکی تایبەتی پێ بەخشیوی لەو بەرهەمانەی که کراون به گۆرانی ؟

ئیسماعیل خورماڵی : مایەی خۆش نوودی وکامەرانییه ئەگەر بلێم
کۆی هەموو ئەو بەرهەمانەی , بوون به خورەمی گۆرانی و
بوون به وەرزی ئەوینێکی نوێ له گۆرانی کوردیدا , هەر یەکەیان چێژێ
بەمن دەبەخشن , جودا له چێژی یەکتر
به ڕەنگێکی تر دەلێم : لەهێلانەی ئەو گۆرانییانه دا چۆلەکەم و
هەموو جریوەکانی خۆمم پێ شیرینه !

رزگار :- دوا پرۆژەو بەرهەمی تازەت چی یه ؟

ئیسماعیل خورماڵی :
دوا بەدوای له چاپ دانی دیوانی (بەوروخاک ومێ)
هەنووکه دوو دیوانی ترم ئامادەن بۆ چاپ لەژێر ناوی
(وەرزەکانی ترێ ) و(چەمێ گۆرانی) بەئومێدم هەرچی زوووه
بگەنه بەردەستی خوێنەران

رزگار :- دووا وتەت چیه بۆ خوێنەرانی دەنگەکان ؟

ئیسماعیل خورماڵی : جارێکی تر خۆشەویستیم قبوڵ بفەرموون
خەرمانێ حورمەت و خۆشەویستیش بۆ یەک بەیەکی خوێنەرانی دەنگەکان